# ئەرك و مافی گەنج و لاوان



لە ڕاستیدا من پێم وایە كە نابێت گەنج یان لاو وەك توێژ و چینێك جیابكرێتەوە ، وە فۆڕمێكی كاركردن و بەرپرسیارێتی بۆ پڕبكەینەوە . لە كۆمەڵێك كایە بیكەینەدەرەوە و كۆمەڵێكی تر بكەینە پڕۆژە و كاری ئەو ، مادام لە كۆمەڵگادایە دەبێت لە سەرجەم كایەكاندا دەور و نەخشی هەبێت . وە تەدەخولی ڕاستەو خۆیان هەبێت . دواجار خۆی بڕیاربدات لە كویا كاردەكات وە چی دەكات . چونكە پارچە پارچە كردن و هەڵوەشاندنی كۆمەڵگا بۆ گروپ و بەشی بچوكی لێك دابڕاو ، تەسەوردەكەم ئاكـامێكی باشـی نـەبێت . لـە كاتێكدا خۆی لە ژێر یەك سەقفدا بەناوی كۆمەڵگاوە بە شكڵێكی هارمۆنی یەكی گرتووە . كـە ڕەنگـە دواجـار وابكەوێتـەوە بەرپرسیارێتی گشتی و بەرژەوەندی گشتی لاوازببێت ، گروپەكان زیاتر لە ئاستێكی پڕاگماتیكی تەسكدا كاربكەن و خۆیان لە بەرپرسیارێتی گشتی كۆمەڵگا لابدەن ، بۆیە دەبێت ووشیارانە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت و داینـەبڕین لـە خواسـتی كـولی كۆمەڵگا . ئەوكات ڕەنگە وایلێبێت كێشەی كرێكاران پەیوەندی بەلاوانەوە نەبێت ، گرفتـەكانی گـەنج خـەمی مامۆسـتایان نەبێت ، ئاما نجەكانی پزیشكان هیچ نزیكایەتی لەگەڵ ئەم توێژە تیا بەدی نەكرێت . لە كاتێكدا ئەم چینە دابـەش بـووە بە سەر هەموو فیئە كۆمەڵایەتیەكاندا ، واتا لە یەككاتدا گە نجی پزیشك و مامۆسـتاو كرێكـار و .... هتـد مـان هەیەكـە گە نجیشە و مامۆستاشە یان كرێكارە . بەهەرحاڵ ئەگەر وەك چینێكی تایبـەت مامەڵـەی لەگـەڵ بكـەین دەبێـت ووشـیاری ئەمەبین . ئەمە بەواتای ئەوە نایەت ئێمە نابێت بڵێین گەنج یان لاو ، نابێت بیكەینە گروپێكی بچـوكی كۆمەڵایـەتی و بـە كۆمەڵێك ئاما نجی تایبەتەوە بیبەستینەوە ڕازییكەین .

ئێمە بەرلەوەی هەر ئەرك و مافێك لەسەر گە نجان و لاوان بسە پێنین و بۆی دیارییكەین . یان بەیانی ماف و ئەركـەكانی بـۆ بكەین ، پێشداوەری بكەین كە ئایا وەك پێویست پابەندیان بووە یان نەء . دەبێت ئەرك و بەرپرسـیارێتیەكانی دەسـەلات لەهەمبەر كۆمەڵگا و چینەكانی ناو كۆمەڵگا و گە نجانیش لە نێویاندا بزانین و ئاشـكرای بكـەین . بەرلـەوەی سـەرەكۆنەی گەنج بكەین دەبێت لێپێچانەوە لە دەسەلات بكەین . تابزانین ئەو وەك لایـەنی بـەرپرس ، وەك خـاوەنی هێـزی ئـابوری و سیاسی و سەربازی و دامەزراوە جۆرا و جۆرەكان و هەڵسوڕێنەری دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێكردن . بەم هەموو ئیمكاناتە فراوان و زەبەلاحەی كە لە بەردەستیدایە . ئایا توانیویەتی چی پێشكەش بكات ؟ پڕۆژە و كاری ئەم دەسەلاتە چـی بـووە ؟ چی هەڵگرتوە لەو قورساییەی لە سەرشانی گە نجانە ؟ وە چی بۆ زیادكردوە ؟ تاچەندە پێویسـتیەكانی ژیـانی ڕۆژانـە لـە پێویستیە واقیعی و خەیاڵیەكان كە لە ئەستۆی ئەمدایە و لە فەراهەمبونی بەرپرسیارە ، دابین كردوە ؟ یان ئایا بەڕاسـتی خواستی دابینكردنی هەبووە ؟ وویستی وەڵام دانەوەی هەبووە ؟ تا ئەو مافەش بدات بە خۆی داوا و چـاوەڕوانی لـەم توێـژە كۆمەڵایەتیە هەبێت ، بەوەی دەور و نەخشیان هەبێت و كارەكتەر و شانۆكارێكی باشـی نێـو كۆمـەڵ بـن . پـێم وایـە ئـەو ئیمتیحانەی ئەم دەسەلاتە دابووی بەنسبەت گە نجانـەوە لـە هەڵبژاردنـەكانی دوو سـێ سـاڵی ڕابـردوودا ئە نجامەكـەین وەركرتەوە .

ئەحزابی سیاسی لە کوردستاندا باش کاریان کردووە ، تا بـەر بـە هـەر پـرۆژە و توانایـەك بگـرن لـە دەرەوەی کارنامـەی خۆیانەوە ، بۆیەش توانیویەتی ئالۆ گۆڕ و جیگۆڕکێ لە زهنیەتی گەنجاندا پێکبهێنێت ، لە پەیوەند بە داواکاری و مـاف و خواستەکانیانەوە . هەربۆیە حزب توانیویەتی سوپایەك لە گەنجانی ناڕازی و بێکار و چارە ڕەش .لە دەوری خواستە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانی خۆی چەق بەستویان بکات و بارگاویان بکات بە ئاما نجەکانی خۆی .لێرەشەوە هەرچی دنیـا و خواسـت و وەعی گەنجە بەجارێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی پێی دەوترێت بیری تەسکی حیزبایەتی ، وە هەرچی بکـات بـە خواسـتی حـزب و ئاکامەکەشی هەر بە قازانجی ئەو دەشکێتەوە . بەلاّم ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم چینە کۆمەلاّیەتیە نابێت و بـۆی نیـە سیاسەت بکات و لە دەوری خواستێکی سیاسـی قـەرار بگرێـت . بەلّکـە بـەو واتایـەی کـە ئـەم ئیسـتغلال نـەکرێت ، لـە ئاما نجەکانی دوور نەکەوێتەوە . دواجار کار و کایەیەك کە دیاری دەکات بۆ کارکردن ناچاری نەبێت بە لّکە دلّخوازانە بێت .

وە کار لە خواست و بەرژەوەندی و وەعی و دنیابینی نەکات . بە ئاڕاستەی دژ و پێچـەوانە . چـوونکە سـەرە نجام بەعەمـەلی ئەوە سەلماوە هەرکاتێك گەنجان و لاوان لە دەرەوەی حیزب و خواستی سیاسی ئەوان هەستابن بە کارێك کە بۆنی ئەگـەرێکی خەتەری هەلّگرتبێت بەنسبەت حزبەوە نەك بەنسبەت کۆمەلّگاوە . ئەوا یەکسەر تاوان بارکراون بەوەی کە دەسـتی یـەکێك لە حیزبەکانی لە پشتە دژ بە حیزبەکانی تر . ئەمەش واتا ئەوان وابیر دەکەنەوە کە ووشیاری نێو کۆمەلّگا و چـین و توێـژە کۆمەلاّیەتیەکان هەمیشە لەناو حزبدا چرۆدەکات و لە دەرەوەی حزب ئیمکانی نیە هەست و ئیحساسێك کاربکـات ، وە هـەر بزوتنەوەیەك بکەوێتە جولّە دەبێت بە کۆمەك و پالّپشتی یەکێك لە حیزبـەکان بێـت . حـزب لـە کوردسـتاندا کـە دیـارە مەبەستیشمان لە دەسەلاّتە چوونکە ئەم دووانە بە تەواوی ئاوێزانی یەکن ، نە خۆی پرۆژەیەکی هەیە بۆ گەنج و نە ڕێگەش دەدات گەنج پرۆژەی هەبێت لە دەرەوەی دەست تێوەردانی خۆی . بەم ئالّوگۆڕە کە لە زهنی گەنجدا پێکهاتوە ، سەرە نجام لـە ئەسلّی مەسەلەکەیان پاشەکشەیان کردوە . وە هیچ کارێکیان نەکردووە کە بچێتە خانەی بەرژەوەندی و خزمەت بە خودی ئەم چینەوە . هەرکارێك کە ئەمان پێی هەستابن ڕاستەوخۆ قازا نجەکەی چۆتە گیرفانی حیزبەوە .

لێرەدا دەسەلاّت و ئەحزابی خاوەن دەسەلاّت ، دووجار سودمەند بوون ، یەکـەم ترسـی ئـەوەی نیـە ئـەم چـینە خـۆی وەك ئەلّتەرناتیڤی ئەو لە ڕێخراوێکی سیاسی تردا کە لە بەرامبەریدا سـەرهەلّبدات و ململانـەی لەگـەلّ بکـات . دووەم کێشـە گرفتی چینێکی ناڕازی و بێزار و ترسناك و تورەی لە کۆلّ بۆتەوە ، بەوەی توانیویەتی سەرجەم ووزە شۆڕشگێڕەکانی بۆخـۆی بمژێت و لەناو دامەزراوە و ڕێخستنەکانیدا بیان توێنێتەوە . بۆیە یەکەم کارێك کە دەبێت گەنجان بیکەن ئەوەیە ، خۆیـان لە کۆت و بەند و تەئسیراتی ئەم بزوتنەوانە ڕا پسکێنن . وە لە شوێن وەلاّمـی واقعـی و بە پەلـەدا بگـەرێن .فەعالیـەتێك ئەمڕۆ لە کوردستاندا کە گەنج دەبێت پێی هەلّسێت مەرج نیە سیاسی بێت ، بـەلاّم مەرجـە و دەبێـت ژیـان دۆسـتی تیابێـت خۆشخوانی و ئارامی و ئاسودەیی بەخشبێت وە دلّنیای لە ئاسۆکەیدا بەدی بکرێت و هاوجوون بێت لەگەلّ ژیانێکی لایـەق بـە ئینسان و پڕبێت لە چێژبردن لە ساتەکانی ژیان . بەلاّم کاتێك ڕێگای دروست و گونجـاو بـۆ گەیشـتن بـەم خواسـتە بۆتـە ئاستەم و دۆزەخ ، کامە ڕێگا هەیە ؟ دەتوانین چی بکەین ؟ پێم وایە ئەمە پرسی گەنجە لەم کۆمەلّگایەدا . کامە ڕێگا چارەی عەمەلی و واقعیە بۆ دەربازبوون لە کێشە گەلێك کە ئەم چینەی گرفتارکردوە ؟ لەکام دەروازە بدات ؟ کێن ڕابـەرەکانی ؟ لـە دەوری چی بزوتنەوەیەك پەیوەست بن ؟ ئایا خۆیان ئەتوانن بزوتنەوەی ڕاست گـۆی خۆیـان دروسـت بکـەن و هەلّیسـوڕێنن لەدەوری خواستەکانیان ؟ ئایا تائێستا ئامادەییان تیایە لە مەیداندا بوەستن قسەبکەن داواکاریان هەبێت ؟ پێداگری بکەن ململانە بکەن ؟ جگەلەوەی ئەرکێکی سەخت و ڕێگەیەکی ناهەمواری لە بەردەمدایـە . نـەبوونی وەلاّم بـۆ ئـەم پرسـیارانەش

وایکردوە ژیان لای ئەم کائینەی کە لە ژێر ستونی گە نجدا ڕیزبەند کراوە ، بە تەواوی دەست بەرداری ژیان ببێت ، پشت لە زۆربەی یاسا و ڕێسا و فەهەنگی کۆمەڵایەتی بکات ، وە جارێکیتر بە ئینتیما و پەیوەست بونیدا بچێتەوە ، ئەوەندەی بۆیکرابێت هەوڵیداوە لە هەموو بەرپرسیارێتیەك هەڵبێت ، وە دەست بەرداری مافەکانی خۆیشی ببێت .

بەرپرسیارێتی گەنج لەم کۆمەڵگایەدا بەرپرسیارێتیەکی شۆڕشگێڕانەیە . بە ئاراستەی باشترکردن و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕیشەی لە کۆمەڵگادا . لەبەرئەوەی ووزە و سوتەمەنی شۆڕشە فەرهەنگی و کلتوری و ڕۆشنبیری و فکریەکان ، وە شۆڕشە تەکنەلۆژی و زانستیەکان تادەگات بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی . کە سەرجەمیان بە بیری نویٚ و نەوەی نوێوە گرێدراون ، لە ئەستۆی گە نجدایە . پێویستە لاوان و گە نجان داینەمۆی گۆڕان و کار و چالاکی خۆنواندن بەدەستەوە بگرن . بەڕاستی بوار زۆر زۆرە ئەمان ئەگەر خواستی دەست بۆ بردن و کارکردنیان هەبێت . بەڵام ئایا گە نجان لە کوردستاندا خاوەنی ئاوها ڕوئیا و ئاگاهیەکن لە هەمبەر کێشەکانی کۆمەڵگا و خودی خۆشیان . من چەند خاڵێك دەست نیشان دەکەم وەك سەرخەتی کاری ئەم چینە ئەگەر خواستی کار کردنیان هەبێت .

پێم وایە گەورەترین نەهامەتی بەنسبەت ئەم چینەوە لەوەدایە کە نازانن لە دەوری کێ چەق ببەستن ، ڕابەرەکانی کێن ، وە دڵنیانیە لە هەرکەسێك کە ئەم خواستە بەدەستەوە بگرێت ، چونکە ڕاست گۆیانە تائێستا کەسێك نەی توانیوە وەڵامی ڕیشەی بە خواستەکانی ئەم بداتەوە . بۆیە دەبێت ڕابەرێکی شایستەو لاو بۆ خۆی دیاری بکات .وە ئەمئەرکەی بخاتە سەرشان . دووەم هەتا ئێستا ئەم چینە نەیان توانیوە خواستەکانیان بەیان بکەن بە شێوەیەکی ئاشکرا فۆرمۆلەی بکەن و پێداگری لەسەر بکەن . سێهەم لەبەرئەوەی نەیان توانیوە ببنە خاوەنی بزوتنەوەی دروست وە بچنە پشتی و پشتیوانی لێبکەن ، هیچ یەك لە ئامانجەکانیان بە شوێنێك نەگەشتوە . گە نجان تا نەبنە خاوەنی بزوتنەوە ناتوانن حەرەکەتێك بکەن وە هیچ پێشکەش بە خودی خۆیان و کۆمەڵگاش بکەن .



Nya-78@hotmail.com